# فیشەك



عەبدوڵا ڕێشاوی

فیشەك چوەخەوی سوڵتان

بوو بە دارێکی تەڕی حەیزەران

بووبە شەلاقی رۆحو گیان

بوبەهەژدەهاکێکی گەورە وکەوتە زمان

قوربان ..

هەموشەوێك بێخەمبەو ئارام بنو

هەمورۆژێك

ئازادبەو دەسەڵاتت بەرالأکە

دەستتبەرە بۆناموسیان

بۆسامانیان..بۆکچ وبۆکوڕ و بۆشەهیدو شیعرەکانیان

زارت بدە لە برینە قوڵەکانیان

تفی تێکەو بیهەژێنەژانەکانیان

تیرۆریکە

لەخوداوە هەتا ئینسان هەتا شەیتان

لەحەزەوە تا شۆرش و خەونە کانیان

فیشەك وتی :گەورەم سوڵتان

گەربەیانی شارخرۆشا

کوڕەکانی کۆبونەوەو دژبە ستەم هوتافو هاواریان لێکێشا

بە پەنجەیەك من بنێرەبۆناوسەریان

لەناو کورەی کەللەی گەرمیان دەتەقمەوە و

هەرچی پرسیارە دەیکوژم

چی گومانە دەیسوتێنم

هەرچی رەخنەو هەرەشەیە.

هەرچی هەست وخرۆشان و تەوتەمەیە

ئەیوەستێنم

فیشەك وتی سوڵتانی من

باوەڕمەکە بەرۆژنامە

ئەوان هاوڕێی رۆژی رەشنین

ئەوان تەنها

عابای بەری شکۆی منن

دەمامکی داپۆشینی جەستەی منن

ئەوان درۆی رۆژی سپین

سوڵتانی من

پشت نەبەستی بەدەنگ ورەنگ

بەجیاوازی ودیموکراسی

ئەوان تەنها

گاڵتەوگەپی بەرلەشەڕن

ئەوان ئەفیونی جیلێکن

گەر ڕاپەریٚ..

رۆژنامەکانیش دەدڕێنیٚ

قاپی مەی و شەرابەکانیش دەشکێنیٚ

جا ئەو دەمەخۆت ئەبینی

سامی رەشی ئەو رۆژە راستەقینەیە

بەمن نەبیٚ... راناوەستیٚ !

2006/8/15